گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3109 (PP 45-58)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.5

توێژینەوە

# سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە(سێ دەرمان)ی عەزیزگەردیدا

**ناز ئەحمەد سەعید/** بەڕێوەبەرێتی مەشق و ڕاهێنان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی،وەزارەتی پەروەردە ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**هەوار عومەر فەقێ ئەمین/**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی،وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

لەئەمڕۆدا سیمیۆلۆژیا بایەخێکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن وراڤەکردنی کولتوور وئەدەب، بەهۆیەوە خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ شیکردنەوە لێکدانەوەی هێماکانی ناو دەق دەکات، ناونیشانیش لەتوێژینەوەی سیمیۆلۆژیدا،دەروازەیەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی واتا، هەڵبژاردنی ناو بۆ ناونیشانی بابەتێک هەروا لەخۆڕا وبێ مەبەست نییە،بێگومان ئامانج ودەلالەتی تایبەتی هەیە،ناونیشان کەلەدوای بنیادگەرەکانەوە زۆرتر سەرنجی توێژەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا،کلیلێکە لەکلیلەکانی دەق، یاخود پرۆسەیەکی پەیوەندییەو دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق، ئنجا دەقەکە کورت بێت، یان درێژ، نوێ بێت یان هاوچەرخ گرنگ نییە، بۆیە پیادەکردنی ئەم میتۆدەی بواری ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ بەکەرەستەیەکی کۆنی وەکو هەقایەتی کوردی کەهێندە دەوڵەمەندە دەتوانرێت بۆ لایەنی پراکتیکی سودی باشی لێوەربگیرێت .ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئێمەیە، هەر بۆیە توێژینەوەکەی ئێمە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە لەهەموو ئاستەکانی زماندا بۆناونیشانی سەرەکیی هەقایەتەکانی (سێ دەرمان)ی عەزیز گەردی، تا چۆنییەتی پێکهاتەیی زمانیی وکۆدو دەلالەتەکانی ناونیشانی هەقایەتەکان دەربخەین.

CORRESPONDENCE
پ.ی.د. ناز ئەحمەد سەعید
Naz.saeed@univsul.edu.iq

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

وشە سەرەکییەکان:
سیمیۆلۆژیا،
سیمیۆلۆژیای ناونیشان،
هەقایەتی کوردەواری،
عەزیز گەردی،
ئاستی دەلالی.

**About the Journal**
ZancoJournal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

دەقی ئەدەبی بەگشتی کردەیەکی نیشانەییە ، هەموو دەقێکیش بەدەوری ئەو کردە نیشانەییەدا دەخولێتەوە ، پەیامی نێرەر لەڕێی کۆدی نیشانەکانەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، سیمیۆلۆژیاش کەکار لەسەر نیشانە وکۆدەکان دەکات، نیشانە نادیارەکانی ناو دەق دەگەڕێنێتەوە بۆ واتا دروستەکەی بێگومان بەرەچاوکردنی کولتووری نەتەوەکە، بەڵام نیشانە بەتەنیا نا، بەڵکو لەکۆی نیشانەکانی ناو دەق، لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندییە ناوخۆیی ودەرکییەکانی دەق، سیمیۆلۆژیا میتۆدێکی تایبەتە بەواتا، نەک تەنیا نیشانەکان لەچوارچێوەیەکی داخراودا،واتە زانستێکە لەڕوانگە گشتییەکەوە گرنگی بەنیشانەکان دەدات ولە ناوەڕۆکیشدا توێژینەوەیە لە دانە نیشانەییەکان ،و دژی هەموو ئەو دەقانەیە کەلەناو خۆیاندا دەرگا لەسەر ئاماژەکان دادەخەن.

ناونیشانیش یەکێکە لەڕەگەزەکانی دەق، دەقێکی بچوککراوەیە، هێمایەکە لەناو کۆمەڵێ هێمای لەخۆی فراوانتر و گەورەتر، پێکهاتەکەی دەبێتە ناسنامەی دەق، هەروەها وێنە و گۆڕەپانێک بەخوێنەر دەبەخشێت، ئەم وێنەو گۆڕەپانەش ڕۆڵی هەیەلە سەرنجڕاکێشان وچێژگەیاندن بەخوێنەر، هەروەها واتا و زانیاریشی پێدەدات.

بۆشیکردنەوەی ولێکدانەوەی توێژینەوەکەمان پشتمان بەمیتۆدی سیمیۆلۆژیا بەستووە.چونکە ئیشکردن بەم میتۆدە ئیشکردنە لەناو نیشانەو ئەو چەشن وجۆرانەی کە نیشانە لەخۆیگرتوون، و کەرەستەی توێژینەوەکەشمان کتێبی (هەقایەتی کوردەواری – سێ دەرمان) ی عەزیز گەردییە.

پەیکەری توێژینەوەکە لەپێشەکی وچەند تەوەرێک پێکدێت، سەرەتا پێناسەی سیمیۆلۆژیا،ناونیشان ،دواتر ئەرک وگرنگی ناونیشان، ئنجا لەڕووی پراکتیکییەوە چەند تەوەرێک تەرخانکراوە بۆ سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە(سێ دەرمان)ی عەزیزگەردییدا لەهەموو ئاستەکانی زماندا، لەکۆتاییدا ئەنجامەکان وپوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی دەخەینەڕوو.

### ١/١: سیمیۆلۆژیا

#### ١/١-١: پێناسەی سیمیۆلۆژیا

چەمکی سیمیۆلۆژیا لە زۆربواردا سودی لێوەرگیراوە،بەڵام سەرەتا خۆی لەزانستی پزیشکییدا سودی لێوەرگیراوە،کە لەساڵی ("١٧٥٢" لەبواری چارەسەری پزیشکی دەرونیدا دەرکەوتووە،کە بریتییە لەلێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی نیشانەکانی نەخۆش ودیاردە جەستەیی و گوتەییەکانی مرۆڤ) (داد:١٣٩٠،ص٤٦٥)،دواتر لە ئەدەبیات و زمانەوانیشدا سودی لێوەرگیراوە،لە ئەدەبیاتدا سیمیۆلۆژیا ڕێگایەکە بۆ خوێندنەوە وشیکردنەوەی دەقی ئەدەبی،خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ دەقەکان، ئەویش لەڕێی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو هێماو نیشانانەی لەدەقدا هەن،کەواتە یارمەتیمان دەدات بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق.

سیمیۆلۆژیا (لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی(Semiotic, Semiology, Semeiotics) بۆ بەکاردێت کە بەواتای زانستی نیشانە دێت، بۆیە لە زمانەکانی تریشدا هەر پشت بە زاراوە ئینگلیزییەکە بەستراوە، بۆ نمونە لەعەرەبیدا زاراوەی(علم الدلالة)ی بۆ بەکاردێت ، بەڵام لە زۆربەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا زیاتر (السیمیائیة،السیمائیة)بەکاردێت،لەزمانی فارسیشدا زاراوەی(نیشانەناسی)یان بۆ داناوە،بەهەمان شێوە زاراوەی(سیمیا،سیما)یش بەکاردێنن، لەزمانی کوردیشدا زاراوەی(زانستی ئاماژە،زانستی نیشانە)یان بۆ داناوە،بەڵام هەر وەکو زمانەکانی تر زیاتر زاراوەی( سیمیۆلۆژیا، سیمیۆلۆجیا) بەکاردەهێنن)(مەنتک:٢٠١٨،ل١١٢)، کەواتە سیمیۆلۆژیا زانستی گشتی نیشانەکانە (ئەو نیشانانەی کە نێرداوی بنەڕەتی بۆ پەیوەندیکردنی کەسەکان دروستی ئەکەن،جا پێکهاتەی ئەو نێرداوانە هەرچۆنێک بێت،بیستراو، بینراو،بۆنکراو، جوڵاو، ...هتد)(توسان:ت/نظیف،٢٠٠٠،ص٩) نیشانە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ئامادەیی هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکیی دەتوانین دووجۆر لەنیشانە دیاری بکەین، یەکەمیان نیشانە زمانییەکانن لەبواری زمانەوانیدا، دووەمیان نیشانە نازمانییەکانن ، مەبەست لەوانیش چێژ، بۆن ،دەنگ، خواردن، جلوبەرگ ، هێماکانی هاتوچۆ .....هتد ، سیمیۆلۆژیا کار لەسەر نیشانەو واتا دەکات. سۆسێر وپێرس بەپێشەنگی بواری سیمیۆلۆژیا دادەنرێن،وبەکارهێنانی ئەو وشەیە بۆ یەکەمین جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان،مەبەستیشیان ئەو زانستەیە کە لەنیشانە دەکۆڵێتەوە،بەڵام ئەمانیش (زاراوەکەیان لە جۆن لۆکەوە وەرگرتووە،کە یەکەم کەسە وشەی(SEMIOTIKE)ی لەیۆنانییەوە وەرگرتووەو بەئینگلیزی بەکاریهێناوە،بۆ زانستێکی تایبەت بەنیشانەکان ودەلالەتەکان و واتا جیاوازەکانی لۆژیک بەکاردەهێنا.)(ڕەئوف:٢٠١٦،ل١٧) هەرچەندە سۆسێر وپێرس هەردوکیان کۆکن لەسەر ئەوەی کەسیمیۆلۆژیا(زانستێکە کار لەسەر نیشانەکان دەکات لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا)(زغنیة:٢٠٠٢،ص٢٦٣)واتە کار لەسەر نیشانەوکۆنتێکستەکان دەکات، بەڵام بۆچوونیان دەربارەی نیشانەکان جیاوازە،سۆسێر لەڕووی زمانەوانی وپێرس لەڕوانگەی لۆژیکییەوە شیکردنەوە بۆ نیشانەکان دەکەن.

سۆسێر، سیمیۆلۆژیای وەک زانست، بەلێکۆڵینەوە لەنیشانەکان و بەرەهەندی کۆمەڵایەتییەوە بەستۆتەوە ،ئەمەش واتای ئەوەیە، کە سیمیۆلۆژیا لەناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژیانی نیشانەکان دەگەڕێت،بەو مانایەی کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە هەیە،لەمڕ ڕووەوە ئەڵێت: (زمان سیستەمێکی نیشانییە،بیرەکان دەردەبڕێت بۆیە دەتوانین لەگەڵ نوسیندا لەگەڵ ئەلفوبێی کەڕولاڵەکان ،بەشێوەکانی لەشجوانی و بەنیشانەسەربازییەکان وبەڕەمزەکان ..... هتد بەراوردیان بکەین)(حمداوی:١٩٩٧،ص٨١)، سۆسێر پێی وایە هەموو واتایەک لەدال ومەدلول پێکدێت،چونکە تێکست بریتییە لەبەرووبوومی زمان،زمانیش لەهەموو ئاستەکاندا چینی مانا ودەلالەت ونیشانەو ئاماژەکان پێکدێنێت، بەڵام وەک پێشتر باسمانکرد ئەمر چەمکە لای شارڵ پێرس پەیوەستە بە فەلسەفە ولۆژیک، بەڕادەیەک (لۆجیکی بەواتای دووەمی سیمیۆتیکا دانا) (مەنتک:٢٠١٨،ل١١٦)،سیمیۆلۆژیا لای ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسیستەمی دالەکان،لەکۆی زانستە عەقڵی مرۆڤییەکانی وەکو بیرکاری، ئاکار ،تۆیکاری، فەلەکناسی، ......هتد.بە پێی بۆچوونەکەی ئەو هەر دەقێکی ئەدەبی بەسروشتی خۆی توانای چەندین ڕاڤەی هەیە و وەرگر دەتوانێت بێ سنور دەلالەت و واتای لێ هەڵبهێنجێت.

کەواتە سیمیۆلۆژیا زانستێکە لەڕوانگەی گشتییەکەوە،گرنگی بەنیشانەکان دەدات ولەناوەڕۆکیشدا لیکۆڵینەوەیە لەئۆرگانە هێمایی ونیشانەییەکان، پەیوەندیشی بەئەدەبەوە ئەوەیە ، کە کەرەستەی ئەدەب زمانە کە بیرەکانی لەخۆگرتووە،لێرەوە نیشانەکان لەناو وشەکاندا شاراوەتەوە و زانستی سیمیۆلۆژیا،ئەمر نیشانە شاراوانە دەگێڕێتەوە بۆ واتا دروستەکەی دەقەکە،بۆ ئەوەی دەق وەک خۆی واتای ڕاستەقینە بدۆزێتەوە،واتە لەدەقەوە واتاکانی دەرەوە ئاشکرا بکەین نەک بەپێچەوانەوە واتای دەرەوە بەسەر دەقدا بسەپێنرێت.سیمیۆلۆژیای ئەدەب مەودایەکی گەورەتری هەیە، لەبەرئەوەی جگە لەنیشانەکان کەلەگەڵ زماندا تێکەڵ دەبن،بەهەمان شێوە سایکۆلۆژیا وکۆمەڵناسی ئامادەییان لەناو سیمیۆلۆژیادا دەبێت.

**٢-١/١: پێناسەی ناونیشان**

ناونیشان ناسنامە وناسینەوەی دەقە، لەڕووی کاریگەری وناسینەوە هێزی دەقی هەیە،ناونیشان کلیل ودەرگایەکە بۆ چوونە ناو دنیایەکی دەقی،لەفەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا بەواتای (شوێن و ناوێک کەبناسرێتەوە، یان بریتییە لەقەدرو ڕێزلەناو خەڵکدا)(هەژار:١٣٧٦،ل٨٦٢) ،واتە خودی چەمکەکە لەزمانی کوردیدا بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە،کە دیاریکردنی ناسنامە وناونیشانی شتێکە،هەروەها دەتوانین بڵێن پەیامی سەرەکی ویەکەمر ناسین وبەریەککەوتنی نێوان نوسەر و خوێنەرە، زۆربەی نوسەران لایان وایە، ناونیشان دەقە وهەڵگری ئەو واتا فراوانەیە کە دەق لەخۆی گرتووە.

زاراوەی ناونیشان وشەیەکی لێکدراوە، لەدوو بەش (ناو + نیشان) یان (ناو + و + نیشان) پێکهاتووە، (ناو) بەمانای ناسنامە و(نیشان) بەمانای دەستنیشانکردنی شوێن یان پێگە یان شتێک دێت.

ناونیشان لەوانەیە وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان هێمایەک بێت، هەندێجاریش دەگاتە ئەوەی ناونیشانەکە ڕستەیەک بێت ،بەڵامر گوزارشت لەدەقێک یان کارێکی هونەری دەکات،جا بۆ ئەوەی ئەمر کاریگەری وڕەنگدانەوەیەی ببینین، پێویستە لەڕوانگەی کۆنتێکست و دەرەوەی کۆنتێکستەوە سەیری بکەین ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پێگە و ڕۆڵەی کەلەوشەیەکدا کۆیکردۆتەوە بخەینەڕوو،چونکە ناونیشان خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی کرۆکی دەقەکەیەو لەڕوانگەی واتایی ومەبەستی دەقەکەوە بەرهەمهاتووە،بۆیە لەڕوانگەی واتاوە هاوسەنگی واتایی بەرهەمهێناوە.

سیمیۆلۆژیستەکان گرنگیی زۆریان بەمر ڕەگەزە داوە، چونکە(سیستەمێکی سیمیۆلۆژییە، ڕەهەندێکی دەلالی وهێمایی لەخۆ دەگرێت،هانی لێکۆڵەر دەدات بەدوای دەلالەتەکانەوە بێت وهەوڵی کردنەوەی کۆدەکان بدات)(قطوس:٢٠٠١،ص٣٣)کەواتە هەموو ناونیشانێک جۆرێکە لەنیشانە وکۆمەڵێ زانیاری لەبارەی دەقەکەوە لەخۆ دەگرێت.

لەدوای بنیادگەرەکانەوە، ناونیشان زیاتر سەرنجی لێکۆڵەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، تا ئەو ڕادەیەی لە ئەوروپا لەساڵی ١٩٦٨وەکو زانستێک بۆ شیکردنەوە وڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی ناسێنرا. سەرەتا چەند نووسەر وتوێژەرێک کتێب و وتاریان لەسەر ئەمر بابەتە بڵاوکردەوە،لەدواییدا (لیۆهۆک) کتێبێکی بەناوی (هێمای ناونیشان) ەوە نوسی،زۆربەری ڕەخنەگران (بەدامەزرێنەری کردەیی زانستی ناونیشانی دادەنێن،لەبەرئەوەی توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی ناووهێماوە کرد،لەوێدا بەمیتۆدێکی قوڵ هەنگاوی گەورەی لەبارەی زمانەوانی و سیمیۆلۆژیا ومێژووی کتێب ونوسینەوە نا ، لەدیدێکی سیمیۆلۆژییانەوە تێبینی ناونیشانی لەچوارچێوەی بنیادو دەلالەت و ئەرکەکانی ناونیشان کرد)(حمداوی:٢٠٠٧،ص٢)،ئەمر ڕەخنەگرە ناونیشانی وەک زانستێکی خاوەن بنەما ناساند،هەموو ناونیشانێک پاشخانێکی ڕۆشنبیریی لەپشتە،جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەهەموو ناونیشانێک کۆمەڵێک نیشانەی زمانین ودەبێت لەسەربەرگی هەموو کتێبێک هەبێت، تاوەکو خوێنەر بەهۆیەوە هەندێ زانیاریی سەرەتایی لەبارەی دەقەوە بەدەست بهێنێت، بۆیە بەمجۆرە

پێناسەی ناونیشان دەكات ،وەدڵێت: (ناونیشان كۆمەڵێک نیشانەی زمانین، لە وشە ورِستە، تەنانەت لەدەقیش پێكدێت، لەسەرووی دەقەوە دەردەكەون بۆ ئەوەی دیاریبكەن و دەلالەتی لێوەبكەن.)(بلعباد:٢٠٠،ص٧٦) كەواتە ناونیشان وەک دەقێكی بچوككراوە سەرووی دەقێكی گەورەی گرتووە.(لیۆ هۆک) هەوڵی بەزانستیكردنی ناونیشانی دا و دواتر (ژیرارژێنێت) لەبواری ئەدەبی ورِەخنەییدا، پێگەی ناونیشانی بەشوێنی شیاوی خۆی گەیاند.

### ٣-١/١:ئەرک وگرنگی ناونیشان

ناونیشان پەیامێكە، ئەم پەیامە لەنێوان نێرەرو وەرگردایە،جا ناونیشانەكە وشە بێت یان هێما ، گوزارشتە لەهێمایەكی زمانیی،لەسەرەتای دەقدا دێت وكاریگەری لەسەر خوێنەر دادەنێت، كلیلی هەڵسەنگاندن و بریاری پێشوەختەی خوێنەرە لەسەر كتێبەكە یان دەقەكە، هێزی راكێشانی خوێنەری لەسەر شانە، هەندێجار زۆر ناونیشان هەیە خوێنەر لەدەق دوور دەخەنەوە،چونكە خوێنەر بەر لەهەموو شتێک سەیری ناونیشانەكەی دەكات ، ئەگەر جوان و هونەری وسەرنجراكێش نەبێت، ئەوا هەر زوو لێی دووردەكەوێتەوە، لەبەرئەوە دەبێت نوسەر زۆر بەباشی لە گرنگی ناونیشان تێبگات وبایەخ و گرنگییەكی زۆری پێبدات، بەوردی و وریاییەوە ناونیشانەكە هەڵبژێرێت چونكە ناونیشانی كتێب (وەک ناو وایە بۆ شتێک، پێی دەناسرێتەوەو لەسایەیدا بڵاودەبێتەوە، دەلالەتی لێوە دەكات، شكۆی كتێبەكەی هەڵدەگرێت)(الجزار:١٩٩٨،ص١٥). بێگومان گرنگی وبایەخی ناونیشانیش بەپێی سەردەم و جیاوازیی رەگەزی ئەدەبی، لەبینینی ئەركدا دەردەكەوێت، بۆیە نووسەران لەدەستنیشان كردنی ئەركەكانی ناونیشان، بەهۆی جیاوازی جۆرەكانی ناونیشانەوە، پۆلێنی جیاوازیان بۆكردوون، ناونیشان لەنێوان وەرگر ونێرەردا، پەیامێكی زمانیی پر كۆدە، هەردوكیان هاوكاری دەكەن لە پرۆسەی گەیاندنی زانیاری وئیستاتیكا وكردنەوەی كۆدەكان، ناونیشان پێویستییەكی سەرەكی دەقە، هیچ دەقێک ناتوانێت بێ ناونیشان بێت ، مەگەر نوسەر بە مەبەست و بۆ ئامانجێک ئەم كارە بكات ، ئەمەش دیسانەوە جێی گومان وپرسیارە، هەڵگری نیشانە و كۆدی تایبەتی خۆیەتی وپێویستی بەشیكردنەوەی سیمیۆلۆژیانە دەبێت، كەواتە نوسەری دەق ناتوانێت بەبێ دانانی ناونیشان رێگەی گەیاندنی دەق بە خوێنەر كورت بكاتەوە، هەروەها ناونیشانیش بەبێ لەئەستۆگرتنی ئەرک، ناتوانێت لە گەیشتن بە دەق، یارمەتی خوێنەر بدات.

پارت دەڵێت: ( ناونیشان سیستەمێكی مانایی و سیمیۆلۆژی لەگەڵ خۆیدا بەهای ئاكاری وكۆمەڵایەتی وئایدۆلۆژی هەڵگرتووە.)(حمداوی:١٩٩٧،ص٩٦) بەپێی ئەم پێناسەیە بێت كە ناونیشان خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی و هەموو ئەو بەها وئاكارانەی لەخۆ گرتووە، دەبێت نوسەریش لەو روانگەیەوە ناونیشان بۆ دەقەكەی هەڵبژێرێت وپەیامێكی شاراوەی دەق لەناو ناونیشاندا هەبێت.

سیمیۆلۆژیا كە خۆی لێكۆڵینەوەیە لە شێوەی ناوەرۆک ، لەرێگەی شێوەی دالەكانەوە دەروات بۆ زانیارییە وردەكانی ماناكان،هەر بۆیە لەلێكۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا گرنگییەكی زۆر بە ناونیشان دەدات، لەوێوە دەستپێدەكات، چونكە بەلایانەوە ناونیشان وەک كرۆكی ناوەندی دەق وایە.

(لیۆ هۆک) لەپێناسەی ناونیشاندا ئاماژەی بەسێ ئەركی ناونیشان كردوە ئەوانیش: (تایبەتیكردن، دیاركردنی ناوەرۆک، راكێشانی جەماوەر)(حلیمی:٢٠٠٩-٢٠١٠،ص٨٤)،دواتر (ژیرارژینێت) چوار ئەركی سەرەكی بۆ ناونیشان دیاریدەكات ئەوانیش : (ئەركی وروژاندن ، ئەركی دەلالی وخستنەروو، ئەركی وەسفی، ئەركی تایبەتیكردن )( حمداوی:١٩٩٧،ص١٠٦) لای هەندێ نوسەر ورِەخنەگری تر ئەركەكانی زۆر لەوە زیاترە بۆ نزیكەی چواردە ئەرک دەروات، ئەوانیش : (ئەركی وروژاندن ، ئەركی دەلالی وخستنەروو، ئەركی وەسفی، ئەركی تایبەتیكردن، ئەركی دیاریكردنی رەگەز، ئەركی ئیستاتیكی، ئەركی رێنوێنیكردن، ئەركی دەقئاوێزانی، ئەركی مەبەستداری، ئەركی رەوانەكردن، ئەركی بانگەشە بۆ ناوەرۆک،ئەركی چركردنەوە، ئەركی لادانی، هەڵچوونی-انفعالی-)(بو دربالة:٢٠٠٢،ص٢٦)، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت دەربارەی ئەركی ناونیشان رێكەوتن وكۆدەنگییەكی كۆتایی نییە، هەرچەندە لە زۆربەی توێژینەوەكاندا ئەركەكان لەسێ جۆردا چركراوەتەوە وهەندێكی تریان چوار ئەرک و بەشێكی كەمیش لە رەخنەگران لە چواردە ئەركدا كۆی دەكەنەوە، بەڵام دواجار هەموو كۆكن لەسەر ئەوەی ناونیشان پێویستییەكی نوسین ودەقی ئەدەبییە،هەموو خوێندنەوە وبەدواداچوونێک بۆ دۆزینەوەی كۆدەكانی دەق، پێویستە لەناونیشانەوە دەستپێبكات.

### ٢/ سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە هەقایەتی کوردەواریدا

#### ١/٢: سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە هەقایەتی کوردەواریدا

لە هەقایەتی فۆلکلۆری کورددیدا زۆر گرنگی بەناونیشان دراوە، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەبونیادنانی پێکهاتەی دەقدا بەنوسراو وزارەکییەوە،(بەر لەنوسینی چیرۆکی هونەرییش لەنێو کورددا، هەقایەتی فۆلکلۆرییە سەرزارییەکانیش بە(ناونیشان)ەوە پەیوەست بوون ولەم بەرگەدا خاڵی جەوهەری پڕ کاریگەریی دەقیان لەخۆگرتووە)(خۆشناو:٢٠١٠،ل١٨٩)،واتە هەقایەتە سەرزارییەکان گرنگیان بەناونیشان داوە هەرچەندە بەسادەیی دادەڕێژران بەڵام هەر کاریگەرییان لەسەر دەقەکە هەبووە. دەقی هەقایەتی کوردەواری وەکو دەقی شیعریی نییە، ناونیشان کۆپلەیەک یان دێڕیک مانای تایبەتی خۆی هەبێت و خوێنەر زوو درک بەماناکەی بکات،بۆیە ناونیشان(ڕەگەزێکی گرنگە لەرەگەزە دەلالییەکانی چیرۆک وبە بەشێک لەبەشە ستراتیژییەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی دادەنرێ)(خۆشناو:٢٠١٠،ل١٩٠) کەواتە لەدەقی هەقایەتدا بەبێ زانینی ناونیشان ئامادەیی لە وەرگردا بەو ڕادەیە نییە بۆ وەرگرتنی بەهاکان، هەروەها چونکە پێکهاتەی هەقایەتی کوردەواری هەمووی پێکەوە گرێداون وهەمووشی بەناونیشانەوە بەستراوە، بۆیە پارچەیەکی دەقەکە بەتەنها ئەو سەربەخۆییەی نییە،کەبەهایەکانی بەتەواوی بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە.

شیکردنەوەوشرۆڤەکردنی ناونیشان بەپێی میتۆدی سیمیۆلۆژیا پاڵپشتێکی بەهێزی هەڵوەشاندنەوەی دەق ولێکدانەوەیەتی، چونکە ناونیشان کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت کەتەنها دەق دەتوانێت وەڵامی بداتەوە.

لەئەدەبیاتدا جیاواز لەبوارەکانی تر ، ناونیشان تا هونەری بێت وکۆددار بێت سەرنجراکێشتر و پڕ چێژتر دەبێت لای خوێنەر، بەڵام لەهەقایەتی کوردەواریدا تاڕادەیەک ناونیشانەکان سادەن ،هەرچەندە مانایەکی قوڵ لەخۆ دەگرن، زۆربەیان بە ناوی کەسایەتی ، شوێن ، نازناو ، تایبەتمەندی کەسی ...هتد دادەپۆشراو دەبوە ئاماژەیەک بۆ پەردە لەسەرلادانی لایەنێکی تاریک وشاراوەی دەق.

#### ٢/٢:سیمیۆلۆژیای ناونیشان لەهەقایەتی کوردەواری(سێ دەرمان) ی عەزیز گەردی

فۆلکلۆرو ئەفسانە پایەو بناغەی ئەدەبیاتی هەر گەل و نەتەوەیەکن،ئەرک ودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئایینی و فەرهەنگی و ئەدەبی لەخۆدەگرن،هەر بۆیە عەزیز گەردی لەخەمی بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی وفۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی ، بۆ ئەوەی لەفەوتان وله لەناوچوون بیانپارێزێت،هەمیشە لەهەوڵی گەڕان و سەرقاڵی کۆکردنەوەی هەقایەتە کوردەوارییەکاندا بووە، ماندوونەناسانە کاریکردوە،لەڕێی ئەم هەقایەتانەوە بەژیان وگوزەران و بیرکردنەوە وئایدۆلۆژیای ئەو قۆناغ وسەردەمانەی پێشوی ئاشنامان دەکات.

عەزیزگەردی چەندین کاروبەرهەمی ناوازەی هەیە وخزمەتێکی بە زۆری زمان وئەدەبی کوردی کردوە، بەتایبەتی لەبواری ئەفسانەو هەقایەتیدا،یەکێک لەو کاروبەرهەمە پڕ بایەخانەش هەقایەتی کوردەواری (سێ دەرمان)ەکەیەتی، کە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (٣٠) هەقایەتی کوردەوارییە، لەڕێیانەوە زۆر سیما وسیفەت وخاسییەتی ژیانی کوردەواری و بیرکردنەوەی ئەو قۆناغ وسەردەمەمان بۆ دەردەکەوێت،دەتوانین لەڕوانگەی ئەو چیرۆکانەوە زۆر بواری تری کوردەواریمان بۆ ڕونبێتەوە،ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ، ناونیشانی ئەو هەقایەتانەیە،و شیکردنەوەیان بەپێی میتۆدی سیمیۆلۆژی .

سەبارەت بە جۆرەکانی ناونیشان لەم کۆمەڵەهەقایەتەی عەزیزگەردی ،ناونیشانی سەرەکی هەقایەتەکە (هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان)ە کەلەسەر بەرگەی کتێبەکە بەوجۆرە نوسراوە ، دواتریش هەقایەتی (سێ دەرمان) یش بۆ خۆی یەکێکی ترە لەناونیشانە لاوەکییەکان(فەرعییەکان) ، ناونیشانە لاوەکییەکانیش لەم هەقایەتانەدا کۆدەکرێتەوە، کە ژمارەیان (٣٠) هەقایەتە : (کۆترەوقەلەڕەش، خدری زندە، شێرزادە شێرۆ، حەسەنەکەڕ، ئەحمەدی برای شێر، ماینێ بەحری، شام تام، سەرئاسنی قون مشار، شای ماران، هێلکەباز، چیای ڕەش، لاکەرتک، هەمزەپاڵەوان، حەسەن حەقنەبەر، جۆڵا دەڵێ: دیتم ونەم دیت،ڕێوی بێ کلک، پسمام ودۆتمام، گۆرانی چۆلەکە، سێ کۆسە، ئەحمەد وکچی قاقانی چین، مەکری ژنان، سێ برا، ماسی وماسیگر، فسۆس پاڵەوان، سێ چەرچی، سێ دەرمان، گیسکی هەیاس، باخەوان ومار، کچی وەزیر، درۆزن وپینەکەر.).

ناونیشان لەهەموو ئاستەکانی زماندا ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە خۆی توخمێکی گرنگی ناو پێکهاتەی دەقە وپێگەیەکی دیاری لەدەقدا بۆ خۆی داگیرکردوە.

زمان سیستەمە کۆمەڵی دەستورو یاسای هەیە، ئەو یاسایانە لە هەمو ئاستەکاندا بەدیدەکرێت و کارپێدەکرێت. زمان بە پێی کلتورو ڕۆشنبیری و پیشەو ... تاد دەربڕینەکانی کە لە کۆدو یاساو دەستوری زمان پێکدێت، وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی جیاواز دەردەکەوێت، بەمەش هاوبەشی و جیاوازی زمانی ئاخاوتن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروستدەبێت و هێما زمانییەکانیشیان جیاوازدەبێت. هەربۆیە زمان دەبێتە دوو بەش:

زمان

زمانی نوسین

زمانی ئاخاوتن

ئاخاوتنی نوسین

ئاخاوتنی فەرمی

زمان لە پێرەوی دەنگی و پێرەوی هێمایی پێکدێت، ئاخێوەری هەر زمانێک ئەو بیرو ئایدیاو پرسیار و زانیاری و ..... تاد، دەکات بە کۆدێک و بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان، بۆ دەربڕینی هەستەکان و پرسیارەکان بەکاری دەهێنێت. هەر یەک لەم کۆدانەش بریتیین لەو هێما/ وشانەی کە لە هەر زمانێکدا هەیە. بەمەش زمانی نوسین پەیوەستە بە ئەو یاسا زمانییانەی کە لە زماندا هەیە، زمانی ئاخاوتنیش ئەو هێمایانەیە کە لە زماندا بەکاردەهێنرێت، لە جۆری یەکەمدا کە ئاخاوتنی فەرمییە زیاتر پابەندە بە یاسا زمانییەکان، ئەمەش زیاتر لە کۆڕو سیمینارو وتاردانda پەیڕەودەکرێت، بەڵام جۆری دووەم کە ئاخاوتنی نافەرمییە پەیوەستە بە ئەو کولتوورەی لە کۆمەڵدا هەیەو زیاتر لە پەیوەندییە ڕۆژانەییەکاندا بەکاردێت، بە پێی کەسایەتی و شێوازی ئاخاوتن و کات و شوێن، پشت بە هۆکاری کارلێککردن و نەریت و ڕێککەوتنی کۆمەڵ دەبەستێت، تا ئامانجی پەیوەندیکردن بەدەست بهێنیت. چیرۆکیش گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە زاری قسەکەرانی زمانەوە، ئەمەش وادەکات زیاتر شێوەی زمانی ئاخاوتن وەربگرێت و بچێتە ئەو ئاستەوە. بەکارهێنانی زمان شێوەی جیاواز لەئاستی فۆنۆلۆژی، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و ئاستی دەلالیدا دەردەکەوێت، هەر جۆرێک لە بەکارهێنانی زمان ئاماژە بە کۆمەڵە نەریتێک دەکات، کە قسەکەری زمان و نوسەران و شاعیرانیش بۆ بەرهەمهێنان و داهێنان لە زماندا پەیڕەودەکەن.

لێرەوە بەپێی ئاستەکانی زمان شیکردنەوە وشرۆڤە بۆناونیشانی هەقایەتەکوردەوارییەکانی عەزیز گەردی دەکەین.

### ١-٢/٢:ئاستی فۆنۆلۆژی

هەر دانەیەکی زمان بگرین ئەگەر لە ڕوانگەی بنیادو پێکهاتەوە لێبڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، کە توخمە پێکهێنەرەکانی دەتوانن لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندییەکی توندو تۆڵدابن، بۆنمونە فۆنێمەکانی وشە بە هەرەمەکی یەکناگرن، بەڵکو بە پێی یاسای فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی دەکەونەکار، (وشە لە زنجیرەیەک لە دەنگ دروستبوە، کە لە زمانێکدا بە ئەلفوبێی نوسینەوە، بە پیت دەنوێنرێت، دەنگەکان بە پێچەوانەی وشەوە خۆیان واتایان نییە.)(حمەسعید:٢٠٠٨،ل٤). لە هەر ئاستیک دانەکانی زمان پەیوەندییان لەگەڵ دانەی هاوبەشی خۆیاندا هەیە، کە دەتوانن لە شوێنی یەکتر بێن، دەکەوێتە سەر ئاوەز بۆ هەڵبژاردنی ڕەگەزەکان و دانانیان لە شوێنی ڕەگەزی دیکە، بە پێی چەند کۆتوبەندێک.

بێگومان (فەرهەنگ (Lexicon) لە (X°)ەکانیدا گەنجکەری زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیی و واتاییەکانە، بۆیە پاراستنی (X°)ەکانی ناو فەرهەنگ دەبێتە هۆی پاراستنی کۆی ئەو زانیارییانە.)(مەعروف:٢٠٢٢،ل٢)،هەربۆیە نوسینەوەی حیکایەتە کۆنەکان و دەربڕینەکانیان هۆکاری مانەوەی توخمەکانی فەرهەنگ و زانیارییە هەڵگیراوەکانیشە.

(X°)
زانیاریی فۆنۆلۆژی
زانیاریی مۆرفۆلۆژی
زانیاریی سینتاکسی
زانیاریی واتایی

تاقیکردنەوەی زانیارییەکان لە سەر یەک لێکسیمەکان دەبێت، چونکە ئەوانە توخمی ڕەسەنی فەرهەنگن و پێوەری ئەو زانیارییانەوەو پێوەری گۆڕانکارییەکانیشن لە ڕێزمان و لە گۆڕینی سەردەمەکانیشدا. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت،( کە: ا- گۆڕانکاریی زانیارییەکان ڕەهەندێکی ڕێزمانی هەیە، ب-لە گۆڕانی سەردەمدا پێشبینی گۆڕانی زانیاریی زمانیی نازمانیش دەکرێت. ڕەهەندی ڕێزمانیی بۆ

گۆڕانکاریی لە زانیارییەکاندا بۆ بەڕێزمانبوونی ($X^{\circ}$)ەکان دەگەڕێتەوە لەو ڕوانگەیەوە گەر ($X^{\circ}$) فەرهەنگی بێتە ($X^{\circ}$) مۆرفۆلۆژیی (واتا ببێتە هەڵگوێزراو یان لێکدراو)، ئەوا پێشبینی گۆڕینی کۆی ئەو زانیاییانە دەکرێت، کە لە ($X^{\circ}$) فەرهەنگییەکەیدا نوێنراون.)(مەعروف:٢٠٢٢،ل٤،٥) کەواتە تێیدا گۆڕینی مۆرفۆرلۆژیانەی فۆرمێک دەبێتە هۆکاری گۆڕانی سەرتاپای زانیارییەکان بۆ نمونە (فێنک - فێنکی) نمونەو گۆڕانی زانیارییەکان لە پای گۆڕانی مۆرفۆلۆژییانەی جوان بۆ جوانی لە ناوەخنیی زمان و داتاکەیدا گەنجدەکرێت و خودی زمان لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەیدا دەیپارێزێت.

فۆنۆلۆژی لێکۆڵینەوە لە فۆنیمەکان و کەرەستەو بەرهەمهاتووە فۆنۆلۆژییەکانەوە دەکات، فۆنیم و کەرەستە فۆنۆلۆژییەکان لە ئاوەزو فەرهەنگدا هەڵگیراون، لەبەر ئەوەی فۆنیمەکان بەکارهێنانی سەربەخۆیان نییە، فۆنیمە فەرهەنگییەکان لەنێو وشەکاندا یاسا فۆنۆلۆژییەکان دیاریدەکات، (بەوەش فەرهەنگ یەکەم ئاستی نواندنی فۆنیمیی دەبێت، ئاستەکانی نواندنی فۆنیمەکە لەناو مۆدێلی ڕێزماندا دەبێت. ڕێزمان جگە لەوەی بۆ نواندنی زانیاری فەرهەنگییە، هەر خودی ڕێزمانیش نواندنی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ لێکدانەوەی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی. بەوەش(فۆنۆلۆژی کەرتیی بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە: فۆنۆلۆژی فەرهەنگی/ دەست – فۆنۆلۆژی مۆرفۆلۆژی/ دەستگا – فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژی/ دەزگا) (مەعروف:٢٠٢٢،ل٨).

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە دەتوانین شیکردنەوە بۆ ناونیشانەکانی هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمانی عەزیز گەردی بکەین، ئەو ناونیشانانەی کە بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە گرنگن بریتین لە: ( خدری زندە، سەرئاسنی قوون مشار) هەریەک لەم ناونیشانانە لە هێنانەوەی زانیارییە فەرهەنگییەکەدا وشەی فەرهەنگی (زندە) کە فۆنۆلۆژی فەرهەنگییە گۆڕدراوە بە فۆنەتیکی مۆڕفۆلۆژی کە (زینە)یە، ئەمەش گۆڕانی دەنگی و دەربڕینە فۆنۆلۆژییەکە (زندە)ی گۆڕییێت بە (زینە).

هەر لە ناونیشانەکاندا (قوون) کە دەربڕینێکی تاپۆی هەیەو بە هۆی ئیکۆنۆمی و خێرایی دەربڕین و گۆڕانی دەنگییەوە لە ئێستەدا وشەکە کورتکراوەتەوە بۆ (قن) کە دەربڕینە سینکرونییەکەیتی، بەمەش وشە فۆنۆلۆژییە فەرهەنگییەکەی ( قوونگ) بوەو گۆڕانی دەنگی بەسەرداهاتووەو فۆنەتیکە مورفولوژییەکەی بەهۆی تاپۆیی وشەکەوە بەتەواوی دەربڕینی وشەکەی کورتکردوەتەوە.

**٢/٢--٢: ئاستی مۆرفۆلۆژی**

مۆرفۆلۆژی بریتییە لە (لێکۆڵینەوەی پێرەوبەندانی گۆڕانی فۆڕم و واتای وشەکان، یاخود لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەی وشەکان لە چۆنیەتی لێکدانی مۆرفێمەکان لە بەرهەمهێنانی وشەدا. یان مۆرفۆلۆژی پەیوەستە بە فۆڕمی داڕشتەیی و نادارِشتەیی وشەکان و پەیوەندییان بە واتاکانیانەوە. بە واتا دەستنیشانکردنی دروستەی ناوەوەی وشەکان بابەتە مۆرفۆلۆژییەکان پێکدەهێنن، دروستەی ناوەوەش خۆی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی مۆرفۆلۆژیدا دەبینێتەوە.)(حسەین:٢٠١٣،ل١٠١) کەواتە مۆرفۆلۆژی وەک ناساندنێکی کورت لە مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، کە یاسا مۆڕفۆلۆژییەکان و جۆرەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و جۆرەکانی مۆرفێم دیاریدەکات، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە (پرۆسەی وشەداڕشتن، کە هەڵگواستن و لەیەکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە کە لە سینتاکسدایە.)(عمر:٢٠١٠،ل٣٢) کەواتە پرۆسەی وشەداڕشتن لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە زیادکردنی گیرەکەکان بۆ سەر وشەو بناغەکانی تر، پرۆسەی لەیەکدانیش بریتییە لە لەیەکدانی دوو بناغە کە لە فەرهەنگی وشەوە دەهێنرێن و وشەیەکی نوێیان لێ بەرهەمهێنرێت، مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە پرۆسەیەکی سینتاکسییەو لە ڕێگەی مۆڕفێمە ڕێزمانییەکانەوە بەرهەمدێت. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە دیاریکردنی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ناونیشانەکانی هەقایەتی (سێ دەرمان)ی عەزیزگەردییە، لە ناونیشانی هەقایەتەکاندا بە گشتی هەندێک لە ناونیشانەکان دوو ناون دراونەتەپاڵ یەکترو ناوێکی لێکدراویان بەرهەمهێناوە، وەک: (کوتر و قەلەڕەش، شام تامر، پسمامر و دۆتمامر، ماسی و ماسیگر، باخەوان ومار، درۆزن و پینەکەر) ، ئەم وشە لێکدراوانە زۆریان لێکسیمێکی سەربەخۆی فەرهەنگی ئاوەزین و دراونەتەپاڵ یەکترو ناوێکی لێکدراویان بەرهەمهێناوە، بەڵام ناوی (ماسیگر، پینەکەر) دوو ناون، کە لە ڕێگەی پرۆسەی وشەداڕشتن/ لەیەکدانەوە بەرهەمهاتوون و بونەتە وشەی لێکدراو (ئەم وشە لێکدراوە بە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەق دەرەکی ناونراوە، کە (جۆرە لێکدراوێکە کە هیچ یەکێک لە توخمەکانی سەرە نانوێنن و ئەوانەن کە لە ناوێک (بەرکار)و ڕەگی کار پێکهاتوون، ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە کە جگە لە واتای کارو ناوەکە واتایەکی زیادەشیان لە ئەنجامی لێکدانەکە پەیداکردووە، کە دەشێت بڵێین کارایە لە ڕوی چەمکەوە نەک ئەرک.)(کانەبی، قادر:٢٠١٨،ل٦٩)، لەناونیشانی هەقایەتەکوردەوارییەکانی عەزیزگەردیدا :

ماسیگر: ماسی (ناو)+ گر (ڕەگی کردار) واتە ئەو کەسەی ماسی دەگرێت.

پینەکەر: پینە (ناو)+ ک (ڕەگی کردار)+ ەر (پاشگر) واتە ئەو کەسی شتێک پینە دەکات.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەزماندا کۆمەڵەوشەش هەیە،(کۆمەڵەوشە پێکەوەهاتنی دو وشەی فەرهەنگییە. هەریەکەیان بەشدارییەکی جیای بابەتی لە پێکهاتەکەدا دەکات، ئەو دو وشەیە دەگەڕێنەوە بۆ دو کاتەگۆری جیاوازو پێکەوەهاتنەکەیان

سنورداره.)(ئەحمەد:٢٠١٢،ل٧٣) بۆیە ئەم وشە لێکدراوانە دەکرێت بە کۆمەڵوشەش ناوببرێن، کۆمەڵە وشە دو وشە یان زیاترە، کە زۆر جارە لە زمانێکی دیاریکراودا پێکەوەدێن، کە تایبەتە بۆ هاوڕێیەتی نێوان وشەکان.

### ٣-٢/٢:ئاستی سینتاکس

هەر زمانێک یاسای ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئاخێوەرانی لە دەربڕینەکانیاندا پەیڕەویدەکەن، ناونیشانی هەقایەتەکوردەوارییەکانی عەزیز گەردی بە گشتی لە شێوەی فرێزدا دەرکەوتون، کە فرێزی ناوی و فرێزی هاوەڵناوین، تەنیا ناونیشانێکیان لە شێوەی ئاخاوتن و ڕستەیەکی لێکدراودایە ئەویش :(جۆڵا دەڵێ: دیتم و نەم دیت)، لەم ڕستەیەوە ئەوە تێدەگەین کەهەقایەتەکە باسی کەسێک دەکات وپیشەی جۆڵایە و ناوەڕۆک وبنیاتی هەقایەتەکەش لەسەر ئەو قسەیەی ئەو بنیاتنراوە، کە هەر خۆی دەڵێت: بینیم و نەمدی ، خوێنەر لەخۆی دەپرسێت ، باشە ئەو جۆڵایە چی دیوە وچی نەدیوە ، بۆچی وادەڵێت؟ ئەمە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و وای لێدەکات ئارەزوی خوێندنەوەی هەقایەتەکە بکات ،بزانێت ڕوداوەکان چۆن دەڕوات؟ ناونیشانەکەش دەلالەتە لەپیشە وکار ، ڕاستە باس لەپاڵەوانەکە دەکات بەڵام پاڵەوانەکە بەهۆی پیشەکەیەوە ناسراوبووە لەهەقایەتەکەدا بۆتە کاراکتەری سەرەکی وپاڵەوانی هەقایەتەکە.

واتە لەڕوی پێکهاتنەوە ناونیشانەکان تەنها یەکێکیان لەشێوەی ڕستەدا، ناونیشانەکانی تر لەناوی لێکدراو وفرێزن پێکهاتون ، فرێزەکانیش زۆربەیان ناوین.

یاسای هەندێک لەفرێزەکان بەمجۆرەن:

١- ناو + (ە، ی) + هاوەڵناو (شێرزادە شێرۆ، حەسەنە کەڕ ، برای شێر، خدری زندە، چیای ڕەش)

٢- فرێزی دیارخەری + ناو (ماینێ بەحری)

٣- ناو + (ە، ی، ێ) + ناو ( شای ماران ، هێلکە باز، هەمزە پاڵەوان، ڕێوی بێ کلک، مەکری ژنان، کچی وەزیر)

٣- هاوەڵکردار + فرێزی دیارخەری (لا کەرێک)

٤-- ژمارە + ناو (سێ کۆسە، سێ برا، سێ چەرچی ، سێ دەرمان)

بۆ خستنەڕوی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی ناونیشانەکانی هەقایەتی کوردەواری (سێ دەرمان) ی عەزیز گەردی لەم خشتەیەدا دەیانخەینەڕو:

| یاسا | جۆر | ناونیشانی هەقایەتی (سێ دەرمان) |
|---|---|---|
| ناو + ئامراز + ناو | ناوی لێکدراو | کوترو قەلەڕەش، پسمام و دۆتمام، باخەوان و مار |
| ناو + ناو | ناوی لێکدراو | شام تام |
| ناو + ئامراز + ناوی لێکدراو | ناوی لێکدراو | ماسی و ماسیگر، درۆزن و پینەکەر |
| ناو + ڕەگی کردار | ناوی لێکدراو | ماسیگر |
| ناو+ ڕەگی کردار+ پاشگر | ناوی لێکدراو | پینەکەر |
| ناو + (ە، ی) + هاوەڵناو | فرێزی هاوەڵناوی | شێرزادە شێرۆ، حەسەنە کەڕ ، برای شێر، خدری زندە، چیای ڕەش |
| فرێزی دیارخەری + ناو | فرێزی خستنەپاڵ | ماینێ بەحری |
| ناو + (ە، ی، ێ) + ناو | فرێزی خستنەپاڵی ناوی | شای ماران ،هێلکە باز، هەمزە پاڵەوان، ڕێوی بێ کلک، مەکری ژنان، کچی وەزیر |
| هاوەڵکردار + فرێزی دیارخەری | فرێزی دیارخەری | لا کەرێک |
| ناو + فرێزی دیارخەری | فرێزی ناوی | گۆرانی چۆڵەکە |
| ژمارە + ناو | فرێزی ناوی | سێ کۆسە، سێ برا، سێ چەرچی ، سێ دەرمان |
| ناو+ ئامراز(ی)+ ناو+ئامراز (ی) | فرێزی خستنەپاڵی ناوی | گسکی هەیاسی |
| ناو+ ی+ ناو+ ی+ ناو | فرێزی خستنەپاڵی ناوی | کچی قاقانی چین، |

| | | |
|---|---|---|
| ناوی لێکدراو +ی+ ناوی لێکدراو | فرێزی خستنەپاڵی ناوی | سەرئاسنی قون مشار |

**٤-٢/٢:ئاستی دەلالی**

بێگومان پێکهاتەی دەلالی ناونیشان پەیوەندیی ناونیشان ودەقی هەقایەت دیاریدەکات،هەر کۆدێکی بەکارهێنانی پراگماتیکی لە کەرەستە زمانییەکان بە پێی دەوروبەرو دۆخی باری وتنەکە دەلالەتێکی جیاوازو نوێ دەگەیەنێت، ئەمەش لە چاو بەکارهێنانی کۆدی سیمانتیکیدا فراوانی کارکردنی پراگماتیکی دەردەخات.

زمان بە لێهاتویی کەسییەوە پەیوەستە، کە هەر چەشنە بەکارهێنانێکی ئاستەکانی زمان لە لێهاتویی کەسی دابڕاوبکرێت هەوڵێکی بێ ئاکامە، چونکە مرۆڤ هەمیشەو بەردەوام بە پێی تێکەڵبون و شارەزایی و ئەزمونی چەندین چەمک لە ئاوەزیدا خەزندەکات، کە لە ئاخاوتن و لە بەکارهێنانی زماندا بە پێی پەیوەندی بە بابەتی قسەلێکراوەوە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا ئەو چەمکانە بەردەست دەبن، لە لایەن قسەکەرەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت، کە گوێگریش خودی ئەو چەمکانە شارەزابێت و لە ئاوەزیدا خەزنبوبێت، چونکە ئەو دەربڕینانەی کە قسەکەر دەیکات، ئەگەر لە لای گوێگر بونی نەبو، ئەوا هەوڵی گەیاندنی مەبەستەکە بێ ئەنجام دەبێت، واتا هەلی گواستنەوەی ئەو بیرەی کە قسەکەر وتویەتی نەڕەخساوەو هەر لادانێک دەبێتە هۆی ئەوەی کەلێنێک لە کردەی گەیاندنی بێتەکایەوە.

بۆ نمونە لە ناونیشانی هەقایەتی (شای ماران)دا کاتێک گوێگر ئەم وشەیە دەبیستیت، دەبێت درک بەوەبکات کە عەزیزگەردی مەبەستی هەبوە لەهەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە، واتە هەر وا لەخۆڕاو بێ ئامانج نەبوە،هەروەها مانای بنچینەیی تاک بەتاکی وشەکانی مەبەست نییە، بەڵکو ئەو وشانە دەلالەتن ولەڕێی ئەو ناوهێمایەوە زانیارییەکمان پێدەگەیەنێت سەبارەت بەناوەڕۆکی هەقایەتەکە، (شای ماران) کەهەڵگری وەسفێکە ودراوەتە پاڵ کەسێک، خوێنەر ڕاستەوخۆ سەرەتا سەرنجی بۆ ناوی(ماران) دەچێت،ئەو چەقی فرێزەکەیە،واتە دەبێت خوێنەر پێشتر ئاگاداری سروشتی مار بێن وپێناسەی بکەین ، سیفەتی چییە؟ وچۆنە؟ مار دەلالەتە بۆ ژەهراوی، ترسناکی، توندی، پێوەدان ،دواتر دێتە سەر وشەی(شا) کێ دەگرێتەوە؟ کە دەلالەتە لەخاوەندەسەڵات وگەورەیی وبەتوانایی،لێرەوە خوێنەر تارادەیەک درک بەوە دەکات کەئەم هەقایەتە لەچوارچێوەی ئەوباس وخوازانەدا دەسوڕێتەوە.

لەبەرئەوەی زمانی هەقایەت زمانێکە، لە ڕوانگەی پراگماتیکی و سۆسیۆلۆژییەوە خزمەتی کردەی گەیاندن دەکات و عەزیزگەردیش بیرۆکەکانی خۆی وئەوانەی بیستویەتی بە هۆی زمانەوە توانیویەتی بیخاتەڕو، لە هەمانکاتدا پارچەکانی بەیەکەوە گرێبدات وهەولبدات ئەو کەلێنانەی کە دروستدەبێت لە کردەی گەیاندندا بە هۆی زمانێکی پاراو و کۆمەڵێک هێماوە کەلێنە بیرییەکان پڕبکاتەوە. بە واتایەکی تر هەمو کۆکبویەکی هێماکاری لە پەیوەندیکردنی زمانی دەبێتە هۆی پێکهێنانی نیشانە لە ئەدەبداو زمان و ئەدەب پێکەوە دەبنە وێنەدانەوەی سیمای کۆمەڵگەو بیرەکانیان. بۆیە پرەنسیپەکانی زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕۆڵدەبینێت لە ئەدەبدا بە تایبەت لە ڕێی دەستورەکانی زمانەوە. هەروەک تایبەتمەندی تاکی کلتوری کوردی بە تایبەت لە ساڵانی پێشودا بونی کەموکورتییەک لە جەستەی تاکدا وایکردوە، کە ئەو کەموکورتییە زەقبکرێتەوەو چەندین جار بەکاربهێنرێت تا بوەتە نازناوێک بۆ کەسەکە، جا ئەو بەکارهێنانە بۆ ناساندن یان هەندێکجار بۆ خۆشەویستی کەسەکە ،یان توانج و گاڵتەپێکردن، وتراوە، لەوانەشە بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر لە بوونی ئەو گرفتە وترابێت، هەروەک لەناونیشانی (حەسەنە کەڕ)دا دەبینرێت کە بۆ پاڵەوانی هەقایەتەکە هەڵبژێرراوە،سەرەتا ئەم ناونیشانە دەلالەتە لەناوی کارەکتەرو پاڵەوانی هەقایەتەکە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەم ناونیشانە هەڵگری وەسفێکە بۆ کەسێک ،کە لەگەڵ وتنی وشەکەدا دەزانرێت کە گرفتی کەسەکە چییە؟ بەمەش واتای وشەکە ودەلالەتەکەی لە تاک بە تاکی وشەکانەوە ڕاستەوخۆ دەزانرێت،هەڵبژاردنی ناوی(حەسەن)کە پاڵەوانی هەقایەتەکەیە وخاوەن ژینگە وئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆیەتی، لەکوردەواریشدا ئەمجۆرە ناوانە پیرۆزیی وبەهای ئایینی خۆیان هەیە، بۆیە زۆرجار ناوی پاڵەوانەکان بەم ناوانەوەنراوە،کاری ئەفسانەیی و هێزی لەڕادەبەدەریان کردوە، وشەی(کەڕ) کە خراوەتەپاڵ حەسەن ، دەلالەتە لەوەی گوێ بۆقسەی کەس ناگرێت وبەقسەی کەس ناکات، هەقایەتە کەش هەر بەوجۆرەیە، کە حەسەن گوێ بەفەرمان وقسەکانی پاشا نادات،لەکاتێکدا پاشا فەرمانی داوە ئەو شەوە کەس ئاگرنەکاتەوە هەر کەسێک ئاگربکاتەوە لەسەری دەدرێت، ئەو شەوە حەسەنەکەڕ ئاگر دەکاتەوە،وپاشاش پێی دەزانێت، بەڵام بەزیرەکی ولێهاتووی خۆی دوای کۆمەڵێک ڕوداو لەو سزایە ڕزگاری دەبێت وتەنانەت پاشا کچەکەی خۆیشی دەداتێ.

نەمریی و جاویدانیی، خواستی زۆرینەی مرۆڤەکانە، بۆیە هەر لە کۆنەوە، مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی ڕێچارەی نەمریی ومانەوەی داوە. بەشوێن پەیداکردنی هۆکاری زیندوو هێشتنەوەدا دەگەڕێن. ئەمەش لە ئەفسانەو داستانەدێرینەکان و هەقایەتی کوردەواریدا لە بابەتی (خدری زیندە)دا ڕەنگدەداتەوە، ناونیشانی یەکێک لەهەقایەتەکانی عەزیزگەردیش (خدری زندە)یە ، خوێنەر هەر کەچاوی بەو ناونیشانە دەکەوێت، کە دەلالەتە لەپاڵەوانی هەقایەتەکە، ڕاستەوخۆ لە هزریدا وێنەیەک دروست دەبێت، چونکە پێشتر ئەم ناوەی

بیستووە، دەزانێت ئەو کەسەیە کە دەبێتە هاوەڵی مووسا پێغەمبەر، کەشتییەکە کون دەکات ،ئنجا منداڵەکە دەکوژێت و دواتر دیوارەکە چاک دەکاتەوە، ئەمر پێشینەیەی هەیە، ئەو پاڵەوانەش دەلالەتە بۆکەسێکی بەهێز ونەمر، پیاوچاکێکی خواپەرست، کەسێکە لەتوانایدایە هەموو کارە مەحاڵ وقورسەکانیش بەئەنجام بگەیەنێت،خواست وئاواتێکی مرۆڤەکان بەدی دەهێنێت،پشتگیری دەستەی چاکەکان دەکات و دژی دەستەی خراپەکانە ولەناویان دەبات، هەرچەندە سەرەتا خوێنەر کەدەست دەکات بەخوێندنەوەی هەقایەتەکە، بەو ئومێدەوە بەو چاوەڕوانییەوە سەیری هەقایەتەکە دەکات ،بەڵام دەبینێت (خدری زندە) دیارنییە، پاڵەوانەکەی لێ ونە، ڕوداوەکان نامۆن، ئەمە ئیستاتیکا بەدەقەکە دەبەخشێت وسەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و بەردەوامی بەخوێندنەوەی هەقایەتەکە دەدات و وا لەخوێنەر دەکات تا کۆتایی هەقایەتەکە بڕوات تا ئەنجامەکەی بزانێت، ببینێت کەچۆن چاکەو چاکەکاران بەسەر خراپەکاراندا سەردەکەون.

یاسا پراگماتیکەکانی بەکارهێنانی زمان لەسەر بنەمای نۆرم، شێوازی ڕەفتار، ڕێکەوتن و ستانداردەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دامەزراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین زمان و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و لە یەکتر جیاناکرێنەوە، کە پەیوەستە بە سەرچاوەکانی گەیاندنی کردەی پەیوەندییەکان و واتا پەیوەندییەکان یان واتای نێوان کەسەکان وەک دەربڕینە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو فەرمییەکان، جۆرەها فۆڕمی زمانی دەتوانن کردە پەیوەندییەکان چڕتربکەنەوە، ناونیشان جگە لەوەی هەڵگری واتای مەبەستدارە،پێکهێنەری پەیوەندییەکی کاریگەرە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەدیاردەجۆراوجۆرەکانی واقیعی و کۆمەڵایەتی ودەرونی و ڕەوشتی ....، هەروەها پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەردەمر ورۆژگارەکەدا هەیە، لەهەقایەتی (گیسکی هەیاسی)ی عەزیز گەردیدا،هەقایەتێکی پڕپەندو ئامۆژگارییە بۆ سەردەمی خۆی، ئەمر ناونیشانە دەلالەتە لەناوی کاراکتەر، ناونیشانەکە لە شێوەی فرێزێکدایە، لەبنەڕەتدا خۆی داستانێکە ودواتر لەناو خەڵکدا بوە بەپەند ودەلالەتە بۆ نەگۆڕان وجێگیربونی شتەکان یان کەسەکان،وترسان لەکەسی بەدەسەڵات وفەرمانڕەوا،گیسکەکە لەترسی گورگەکە لەو ماوەیەدا هیچ زیادی نەکرد، پاڵەوانی هەقایەتەکە (هەیاس) کەسێکی ژیر وزانا و زرنگە، سوڵتانێکی زاڵمیان هەیە ،بەڵام هەیاس بەژیری وزرنگی خۆی دژی سوڵتان دەوەستێت، لێی دەباتەوە، هێزی خێروچاکە سەردەکەوێت. خوێنەر کە ئەمر ناونیشانە دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەو پەندە دەچێت و دواتر بۆ ئەو بەسەرهاتەی لەو سەردەمەدا ڕویداوە لەنێوان هەیاس وسوڵتان لەسەر گیسکەکە، پێیوایە هەقایەتەکەش دەلالەتە لەو ڕوداوە و پەیوەستە بەوناوەڕۆکەوە،ئەمەش یەکێکە لەئەرکەکانی ناونیشان.

یەکێکی تر لە دەلالەتەکانی ناونیشان، دەلالەتە لەشوێن ،ئەویش جۆرێکی تری ناونیشانە وهەندێ ناو هەڵگری ناونیشانێکی شوێنین ، ئەمە لە ناونیشانەکانی هەقایەتی کوردەواریدا دەبینرێت، لە هەقایەتی(چیای ڕەش) ی عەزیز گەردیدا، خوێنەر کەئەو ناونیشانە دەخوێنێتەوە دەزانێت نوسەر ئەو وشانەی بەمانا سادەکەی بەکارنەهیناوە،هەر یەکەیان دەلالەتە لەهێمایەک ومەبەستێکی فراوانتری لەدواوەیە، وشەی(چیا)مەبەست لێی شوێنی بەرزوبڵند وسەختە، ئەمر واتایە ڕونە،بەڵام کە بەوشەی (ڕەش) وەسف دەکرێت،مەبەستەکەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، ڕەنگی ڕەش دەلالەتە لەناخۆشی ونەهامەتی،بەدبەختی ،کەواتە بەخستنەپاڵی ئەو دوو وشەیە وبەدروستکردنی ئەمر فرێزە ،ناونیشانێک پێکهاتوە دەلالەتە لەشوێنێک، خوێنەر درک بەوە دەکات، کەناوەڕۆکی ئەمر هەقایەتە و ڕوداوەکانی لەشوێنێکی بەرزی وەک چیا و بارودۆخێکی پڕ مەترسی وکێشە وناخۆشی ونارەحەتی وەک وشەی ڕەش ڕودەدات،بێگومان ئەمر پێشبینییەی خوێنەریش دروستە، هەقایەتەکە ببسەرهاتی ئەو باوکە دەگێڕێتەوە کەپێش مردنی ئامۆژگاری هەرسێ کوڕەکەی ئەکات هیچ کاتێک بۆ ڕاووشکار نەچنە چیای ڕەش ،ئەمە بۆ خۆی کۆدێکە، کە ڕوداوەکان لەدەوری ئەو شوێنە دەسوڕێتەوە،بەڵام کورەکان بەقسەی باوکیان ناکەن ودەچن بۆ چیای ڕەش ودواتر توشیان دەبێت بەتوشی دێوی خراپەوە وڕوداو وکێشەکان لەوێوە دەستپێدەکات،دوای کۆمەڵێک نارەحەتی وناخۆشی، لەوچیایە، دوو کوڕیان لەناو دەچن ،ئەحمەدیش ناخۆشی ونەهامەتی زۆر دەکێشێت و دواجار وەکو هەموو هەقایەتێکی تری کوردەواری هێزی چاکە وخێر سەردەکەوێت.

هەقایەتی(فسۆس پاڵەوان) ئەمر ناونیشانە دەلالەتە لەکاراکتەری سەرەکی وپاڵەوانی هەقایەتەکە، ناوو ڕوداوەکان ئەوەندە دیاروئاشکران لەناو کۆمەڵگەدا، وەرگر ڕاستەوخۆ دەزانێت باسی چیدەکات، ڕوداوەکان چۆن دەڕوات ،بۆیە هەندێجار ناونیشانی هەقایەتەکە ئەوەندە باووبڵاوە یەکسەر لەناوەڕۆک ومەبەستی نوسەر تێدەگەیت ،ئەمە بۆ ئەمر هەقایەتەش ڕاستە، ڕێک بەوجۆرەیە، خوێنەر زانیاری لەسەر ئەوکەسایەتییە هەیە، کەخۆهەڵکێشە وهیچی لەبارەدا نییە، هەقایەتەکەش بەوجۆرەیە کە پیاوەکە کەسێکی ترسنۆک وتەمەڵە،لەترسا هیچ کاروکاسپییەک ناکات و ژنەکەی لەماڵەکە دەریدەکات تابچێت کارێک بکات وبژێوی ژیانیان پەیدابکات،ئەویش دەڕوات لەڕێگا زۆر شتی دەبینێت وتا دەگاتە شوێنێک وتوشی چەند دێوێک دەبێت، سەیردەکات ماڵی دێوەکانە، دواتر بەزیرەکی خۆی دەتوانێت خۆی لەگەڵ دێوەکاندا بگونجێنێت ،بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکات، تا ئەو ڕادەیەی ئەوان لێی دەترسن وخزمەتی دەکەن بەبێ ئەوەی خۆی هیچی لەبارەدابێت، هەر بەڕێکەوت شتەکانی بۆ دێتەپێشەوە ،لەکۆتاییدا دێوەکان بۆ ئەوەی

لەدەستی ڕزگاریان بێت کۆمەڵێک زێڕی دەدەنێ بەومەرجەی بڕوات وئەوێ بەجێبهێڵێت،ئەویش بەو زێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆلای ژنەکەی.

کەواتە واتای وشە دەرئەنجامی بەکارهێنانی زمانەو واتای پراگماتیکە، (واتای کۆدکراو نواندنی ئاوەزی هەڵگیراوەکانی چەمکێکی وشەییە، ئێسکەپەیکەری واتاکە لە ئەزمونی دوبارەبونەوەی بەکارهێنانی زمانەوە وەرگیراوە. ئەگەر نەتوانرێت بنیاتنانی واتا لە بەکارهێنانی زمان جیابکرێتەوە، ئەوا واتا لە بنەڕەتدا لە سروشتدا پراگماتیکییە، چونکە زمانی بەکارهێنان بە پێناسە جێگیرکراوە) V. Evans and M. Green (2006:216) ، هەریەک لە ناونیشانەکانی (گسکی هەیاسی، مەکری ژنان، فسۆس پاڵەوان) لە ئەنجامی دوبارەبونەوەو بەکارهێنان و ئەزمونی تاکەکان بۆ ئەو دیاردەیە وایکردوە واتا پراگماتیکییەکە ببێتە واتایەکی کۆدکراوو وەک چەمک لە ئاوەزدا خەزنبکرێت.

هەقایەتی (سێ چەرچی)ئەم ناونیشانە،چەرچی کەسێکە وردەواڵا دەباتە لادێ و بەڕۆن و دانەوێڵە دەیگۆڕێتەوە، کەواتە ناونیشانێکە دەلالەتە لە پیشەیەک بۆ کەسێک بەکاردێت، بێگومان بەپێی پیشەکەیان بێت دیارە ئەو سێ کەسە هەژارن ولایەنی ئابوریيان باش نییە،بەشوێن کاروکاسپیدا دەگەڕێن، هاوڕێی یەکترن،بۆیە خوێنەر لەڕێی ئەم ناونیشانە کۆمەڵێک زانیاری وەردەگرێت، ، بەڵام لەهەمان کاتدا بیرکردنەوە بۆ خوێنەر دروستدەکات ،کۆمەڵێک پرسیاری لەهزریدا دەوروژێنێت، بۆچی سێ چەرچی؟ بۆ دانەیەک نەبو؟ ئەم چەرچییانە چیدەکەن؟ لەچ شوێنێکن؟ چییان بەسەردا هاتوە؟ کەواتە ڕاستە ناونیشانی هەقایەتەکە هەندێ زانیاری بەخوێنەر دەدات وهەندێ بەرچاو ڕونی دەداتێ، بەڵام هەندێ پرسیاری تر دەمێنێت تا هەقایەتەکە نەخوێنێتەوە وەڵامەکەی دەست ناکەوێت.

هەقایەتی(سێ دەرمان) کەخۆی یەکێکە لە هەقایەتەکانی ناو کۆمەڵە (هەقایەتی کوردەواری عەزیز گەردی)، عەزیز گەردی ناونیشانی ئەم هەقایەتەی هەڵبژاردوە بەناونیشانی سەرەکی بۆ هەموو هەقایەتەکوردەوارییەکان،خوێنەر کە ئەم ناونیشانەی بەرچاو دەکەوێت، بیرکردنەوە و هزری بۆ کۆمەڵێک بابەتی یەک بەدوای یەکدا دەچێت، دەرمان پەیوەندی بەنەخۆشییەوە هەیە،نەخۆشیش واتە ناخۆشی وناڕەحەتی و ئازار، واتە بێ توانایی وبێ هێزی، دیارە کەسێک نەخۆش دەبێت، وپێویستی بەچارەسەرە، پێویستی بەسێ جۆر دەرمانە بەپێی ئەو ناونیشانە، ناونیشانەکە دەلالەتە لە نەخۆشی ولەهەمانکاتدا دەلالەتە بۆ چارەسەر وچاکبونەوە،ئەگەر کەسەکە ئەو سێ دەرمانەی دەست بکەوێت چاکدەبێتەوە،هەقایەتەکەش بەوجۆرەیە کە پاشای شار سێ کوڕی هەیە، کوڕەکانی ئازا وچاوپوک زرنگ بون،باوکیان زۆر خۆشدەویست، پاشا توشی نەخۆشی دەبێت،حەکیمان چارەسەریان لانییە وبەهیچ دەرمانێک چاکنابێتەوە، دەروێشێک دێت وئەڵێت: دەرمان وچارەسەری هەیە، بەڵام دەرمانەکەی بەزەحمەت دەست دەکەوێت و یەک دەرمانیش نییە، سێ دەرمانی دەوێت ولەجێیەکی زۆر عاسییە،مەگەر هەر خوا ئەگینا ئەوەی بچێت نایەتەوە، کوڕەکان کە باوکیان زۆر خۆشدەویست وتیان: دەرمانەکان چین ؟ تۆپێمان بڵێ بەڵکو بتوانین پەیدای بکەین، ئیتر کوڕەکان هەریەکەیان چونە لایەک بۆ ئەوەی دەرمانێک بهێنن، ڕوداوەکان زۆرن وناڕەحەتی زۆریان توش دەبێت ،بەڵام دواجار بەئامانجی خۆیان دەگەن و هەرسێ کوڕەکە دێنەوە، هەریەکەیان دەرمانێکیان بۆ باوکیان هێناوە، باوکیان چاکدەبێتەوە.

هەقایەتی (شام تام) ناونیشانەکە لێکدراوە، لەخستنەپاڵی دوو ناو دروستبوە (شام+تام)، وەرگر ڕاستەوخۆ لەماناو دەلالەتی ئەم ناونیشانە تێناگات، بەڵکو بەهۆی وشەی دوەمەوە کە (تام)ە واتا دەلالییەکەی ڕون دەبێتەوە، چونکە وەرگر دەپرسێت نوسەر لە هێنانی وشەی(شام)دا مەبەستی لەچییە؟ ئایا مەبەستی لەشوێنە؟شاری شام ؟یان مەبەستی لەکاتە؟ (شام بۆ نانی ئێوارە بەکاردێت،یان بۆ تەنگی نوێژی شێوان)(هەژار:١٣٧٦،ل٤٦٥)،بۆیە وەرگر دەکەوێتە بیرکردنەوە ولێکدانەوەی ناوەکە لەهزری خۆیدا، بەڵام کە سەرنجی وشەی(تام) دەدات،ڕێنیشاندەری دەبێت بۆ دەرخستنی سیمیۆلۆژیای ناونیشانەکە،تام ئەگەر بەمانای ڕاستەقینەی ناو فەرهەنگ بەکارهێنرابێت، ئاوا پەیوەندی بە خوان وخواردنەوە هەیە، کەواتە لەوانەیە نوسەریش مەبەستی خوانێکی پڕ تام بێت، بەوجۆرە زۆرجار خستنەپاڵی وشەکان وپەیوەندی نێوان وشەکان، دەلالەت وهێماکانمان بۆ ڕوندەکەنەوە،ئەو نارونییەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت کە بەتامەزرۆییەوە هەقایەتەکە بخوێنێتەوە ولەڕوداوەکان دانەبڕێت، بەتایبەتی کە سەرەتای هەقایەتەکە ڕوداوەکان تەمومژاوی وداپۆشراون ، تا بەرەو کۆتایی دەچێت، ئنجا گرێیەکانی بابەتەکە دەکرێتەوە ولەئامانج وناوەڕۆکی هەقایەتەکە تێدەگات، ئەم هەقایەتەش(شام تام) بەوجۆرەیە، کەباس لەدایک وکوڕێک دەکات، کوڕەکە ناوی (ئەحمەد)ە، زۆر هەژارن تەنها یەک دەنکە گەنمیان دەبێت، ئەویش چۆلەکەیەک دەیخوات، ئەحمەد ڕوای چۆلەکە دەنێت کەیان دەنکە گەنمەکەی بداتەوە یان دەیکوژێت، چۆلەکەش تازە دەنکە گەنمەکەی خواردوە، بۆیە لەجیاتی ئەوە کەرێکی دەداتێ و ئیتر ڕوداوەکان لێرە دەست پێدەکەن و دوای خوانێکی دەداتێ کە(شام تام)ە،ئنجا هەمبانەیەکی دەداتێ پڕ لە زەنگەسور ، بەوشێوەیە هەقایەتەکە درێژەی دەبێت تا

کۆتاییەکەی کە هەر وەکو هەمو هەقایەتە کوردەوارییەکانی تر کە لەکۆتاییدا کەسانی باش وهێزی خێروچاکە سەردەکەوێت، دایکی ئەحمەد وئەحمەدیش بەهۆی ئەو دەنکەگەنم وچۆلەکەیەوە دەحەسێنەوە.

## ئەنجام

١) ناونیشانەکان لە(هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان) ی عەزیز گەردییدا، ئەگەرچی زۆربەیان بەسادەیی دارێژراون ،بەڵام خاوەنی مەبەستێکی سەرەکی ناوەرۆکی هەقایەتەکەیە،لەگەڵ ئەوەشدا عەزیزگەردی هەندێجار وەستایی وهونەرکاری لەهەڵبژاردنی ناونیشانەکاندا کردوە،ناونیشانەکە نیشانەیەک ،ئاماژەیەک بوە بۆ پەردە لەسەرلادانی لایەنێکی نادیاری هەقایەتەکە،ئامادەییەکی لەهزری خوێنەردا دروستکردوە بۆگومان خستنەسەر هەندێ لەتێڕوانینەکانی دەربارەی ئایندەوکۆتایی هەقایەتەکە.

٢) لەڕوی پێکهاتەییەوە سیمیۆلۆژیای ناونیشانەکانی (هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان) هەمویان ناسادەن، هیچ ناونیشانێکی سادەی تێدانییە، ناسادەکانیش هەندێکیان بریتین لە : وشەی لێکدراو وهەندێکی تریان لە فرێز، فرێزەکانیش زۆربەیان دەلالەتن لە ناو ،تەنها یەک ناونیشانیان لەشێوەی ڕستەدایە.

٣) لەڕوی دەلالەتەوە ناونیشانەکانی (هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان) ی عەزیز گەردی، بەپلەی یەکەم دەلالەتن لەناو ،لەناو ناوەکانیشدا ڕێژەی دەلالەت لەناوی پاڵەوان لەهەمویان زیاترە،لەناو ناوی پاڵەوانەکانیشدا هەندێ ناویان تایبەتی وهەندێکی تریان گشتین، لەدوای ناوەوە،ناونیشانەکانی تر دەلالەت لەشوێن یان هەڵگری بیرۆکەیەکی کاتین، یان پیشەیی یان وەسفیین.

٤) ڕوداوەکانی سەردەم بەپێی قۆناغەکان،کەسایەتییەکان، کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی نیشانەو ناونیشانی هەقایەتەکاندا هەبوە، ئەمەش بەڕونی لە(هەقایەتی کوردەواری سێ دەرمان)عەزیز گەردییدا ڕەنگیداوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی


- ئەحمەد،(بێستون)، ٢٠١٢، کۆمەڵوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی
- حمەسەعید،(محمد)، ٢٠٠٨، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- خۆشناو،(هێمن)،٢٠١٠،شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر.
- ڕەئوف(لوقمان)،٢٠١٦،دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە،دەزگای ئایدیا،سلێمانی.
- مەنتک،(حەمە)،٢٠١٨،میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی،نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- هەژار،(هەژار)،١٣٧٦،هەنبانە بۆرینە،فرهنگ کردی-فارسی، سروش،چ٢،تهران.


### عەرەبی


- بلعباد،(عبدالحق)،٢٠٠٨،عتبات جيراجيت من النص الى المناص،منشورات الاختلاف،الجزائر.
- بو دربالة(الطيب.د)،٢٠٠٢،قراءة فى كتاب سيمياء العنوان للدكتور بسام قطوس،منشورات الملتقى الادبى الثانى السيمياء والنص الادبى ،جامعة محمد خضيربسكرة،
- توسان (برنار)، ٢٠٠٠،ماهى السيميولوجيا، ت:محمد نظيف،دار افريقا الشرق،ط٢،بيروت.
- الجزار،(محمد)،١٩٩٨،العنوان وسيميوطيقا الاتصال الادبى.الهيئة العامة للكتاب.
- زغينة،(على)،٢٠٠٢،المنهج السيميائى:اتجاهاته وخصائصه،منشورات جامعة محمدخيضر بسكرة، افريل.
- قطوس،(بسام)،٢٠٠١،سيميائية العنوان، وەزارة الثقافة، عمان/الاردن.


### فارسی


- داد (سيما)،١٣٩٠، فرهنگ اصطلاحات ادبى، انتشارات مرواريد، چاپدوم، تهران.


### ئینگلیزی


- Vyvyan Evans and Melanie Green, 2006, Cognitive Linguistics an introduction, Edinburgh University Press Lt


### نامەی ئەکادیمی


- حليمى،(فريد)،٢٠٠٩-٢٠١٠،سيميائية العنوان فى الرواية الجزائرية المعاصرة،رسالة ماجستير، جامعة منتورى قسنطينة.
- عمر،(نەرمین)،٢٠١٠، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

## گۆڤارەکان

-کانەبی،(دلێر)وقادر،(سامی)، ٢٠١٨، بە بەرهەمی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی یەک، ژمارە دو.

-مەعروف،(عەبدولجەبار)،٢٠٢٢، ئەرشیفکردن لە بەرهەمەکانی عەلادیین سەجادییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

- حسەین،(شیلان)، ٢٠١٣، مۆرفۆپراگماتیکی ئیدیەمر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٨، بەشی B

-حمداوی،(جميل،د)،١٩٩٧،السيميوطيقا والعنونة،مجلة:عالم الفكرالكويتية،عدد/٣،مارس ،دولة الكويت.

-حمداوی،(د.جميل)،٢٠٠٧،مقاربة العنوان فی النص الادبی، مجلة الكلية،عدد:٢

## سيميولوجيا العنوان في الأدوية الثلاثة لعزيز گردي

**ناز احمد سعيد**
مديرية التدريب،مديرية العامة لتربية السليمانية،وزارة التربية.
Naz.saeed@univsul.edu.iq

**هەوار عمر فقى امين**
مديرية العامة لتربية السليمانية،وزارة التربية
hawar.faqe@univsul.edu.iq

**الملخص**

تعد اليوم، السيميولوجيا مهمة جدا لفهم وتفسير الثقافة والأدب، وبالتالى قراءة مختلفة لتحليل وتفسير الرموز الموجودة في النص، العنوان في البحث السيميولوجى بوابة مهمة لتحقيق المعنى، اختيار الأسماء للأبطال والشخصيات لها غرض ومعنى محدد. وبالمثل العنوان الذي استقطب اهتمام الباحثين بعد البنائيين، فقد اعتبر أحد مفاتيح الدخول إلى النص والتعرف على النص، لذلك تم تنفيذ أسلوب مهم في مجال النقد الأدبي المعاصر بأداة قديمة مثل القصة الكردية، وهي غنية لدرجة أنه يمكن استخدامها لأغراض عملية، هذا هو هدفنا الرئيسي. لذا فإن بحثنا هو محاولة لإجراء قراءة سيميولوجية للاعناوين الرئيسية في قصص عزيز گردي (الأدوية الثلاثة) في جميع المستويات اللغوية. بهدف الكشف عن البنية اللغوية والرموز والمعاني لأسماء القصص وعناوينها.

**الكلمات المفتاحية:** السيميولوجيا، سيميولوجيا العنوان، القصة الكردية، عزيز گردي، مستوى الدلالى.

## Semiology of Title in Aziz Gardi's Three Medicines

**Naz Ahmad Saeed**
Ministry of Education/ General Directorate of Education/ Directorate of Training
Naz.saeed@univsul.edu.iq

**Hawar Omer Faqe Amin**
Ministry of Education/ General Directorate of Education
hawar.faqe@univsul.edu.iq

**Abstract**

Today, semiology is very important for understanding and interpreting culture and literature, therefore a different reading to analyze and interpret the symbols in the text, titles in semiology research, is an important gateway to achieve meaning, the choice of names for the heroes and characters it has a specific purpose and meaning. Similarly, the title, which attracted the attention of researchers after the constructivists, was considered one of the keys to entering the text and identifying the it, therefore, the implementation of an important method in the field of contemporary literary criticism with an ancient tool such as Kurdish story, which is so rich that it can be used for practical purposes, this is our main goal. Therefore, our research is an attempt to make a semiology reading of titles of Aziz Gardi's stories (Three Medicines) at all levels of language, in order to reveal the linguistic structure, codes and meanings of the names and titles of the stories.

**Keywords:** Semiology, Title Semiology, Kurdish story, Aziz Gardi, Semantic Levels